# دەستووری نوی و تاقیکردنەوەی کورد لە کەرکووک ... خەسرۆ پیربال

ڕەشنووسی دەستووری عیراقی پاش گفتووگۆیەکی درێژخایان تەواو بووە و ئێستاکە کەوتۆتە پرۆسەی دەنگدانەوە، ئەگەر بە ئینسافەوە مێژووی میللەتی کورد بخوێنینەو و قۆناغە یەك لەدووای یەکەکان و دەستکەوتی شەڕو دیالۆگەکانی سەرکردایەتی سیاسیی هەڵبسەنگێنین، دەکری، ئەو ڕەشنووسەی کە سەرجەم هێزە جیاوازەکانی میللەتانی عیراق بە ڕێککەوتنێکی گونجاو قەبووڵ بکرێت، گوونجاو لەگەڵ جیۆپولیتیکی ئەمڕۆکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ولاتانی دەوروبەری کوردستان، ئەو ڕەشنووسەی دەستورە، کە وەکوو جۆرێکە لە ڕێککەوتن، بەبەراوورد لەگەڵ ڕێککەوتنەکانی تری کوردەکان لەگەڵ حکومەتی بەغدا، جۆرێك لە کاملی و تەوافووقی نەتەوەیی پێوە دیارە و هەروەها، لایانی نێودەوڵەتی و عەرەبی تێیدا بەشدارە، ئەوەش وای کردووە، کە ئەم ڕەشنووسە، ئەگەر زۆرینەی دەنگی میللەتانی عیراقی بگرێتە خۆی، ئەوە دەکرێت باس لە دووبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگای نویی مۆدێرنی، دیموکراسی ئازاد بکرێت، ئەوکاتیش ئاسایشی نیشتیمانی و هێمنی و سەقامگیری کۆمەلایەتی درووست دەبێت لەسەرتاسەری عیراقدا. ئەم ڕەشنووسە، هەر پاش لەدایکبوونی، لە چەند لایەکەوە، ڕووبەڕووی ڕەخنە و تێڕوانینی جیاواز بۆتەوە، لەوانەیە، لەسەر چەند خاڵێکدا، تێڕوانین و تێگەیشتنی جیاواز هەبێت، بەلام ئەوەی ئاشکرایە، کە شاندی کوردستانی، بە شێوەیەکی یەکگرتوو، سەرجەم هێزو لایانە جیاجیاجیاکان و بۆن و ڕەنگەکانیان لەگەڵدا بووە لەو دانووساندنە درێژخایانەدا، نوێنەری سەرجەم ئاین و نەتەوەکانی تری کوردستانیان لەگەڵدابووە، لە بەغدا هەموویان پێکەوە، لە دیالۆگدا بووینە و مەسەلەکان بەشێوەیەکی تەوافووقی چارەسەرکراوون، لەو پرۆسەیەشدا، ئەمریکا و ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان قسە و بەرنامەی خۆیان هەبووە، واتە بەرژەوەندیەکانی نیشتیمانی هێزە سیاسیەکان و ئاژەندەی نیودەوڵەتی ئاوێزەی یەکتربووینە، ئەمریکاش لێرەدا، بە بەرنامە و پێشنیار لایانێکی ئەکتیڤ و یەکلاکەرەوەبووە لە گەلاڵەکردنی پرۆژەکە و ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوورەکە. . دەربارەی ئەو خالانەی کە بۆ کورد جێگای پرسیار و ڕەخنەن، بەتایبەتی دەربارەی چارەنووسی کەرکووك، کە پاش هەوڵێکی زۆرەوە ماوەی ئاسایکردنەوەکەی لە 10 ساڵەوە کرایە دووساڵ، ئەوەیش بەهەوڵ و کۆششی گرووپی کوردستانی لەو دانووساندنەدا، ئەمریکا دوواسات، لەژێر فشاری چەند لایانێك، پێیان باش بووە کە دووابخرێت، لێرەشدا، هەقیقەت ئەوەیە کە کێشەی کەرکووك کێشەیەکی ئالۆز و قوورسە، هەستیارە، بۆ ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی میللەتانی ناوچەکە. . مخابن لە پراکتیکدا، ئەمریکیەکان بەگوێرەی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستانی، تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی کەرکووك، وەکوو پرسێکی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، پێشنیار و (چارەسەری گونجاویان) بۆ هەیە، ئەو شێوازە یەکلاکردنەوانەیە کە سەریەشە و گرفتێکی گەورە بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی درووست دەکات، ئەوە ڕاستە کە دیالۆگەکەی بەغدا ، فرەلایان و فرە ڕەهەندە و تێکئالاوبووە، بەلام ئەمریکیەکان، لە زۆر شوێندا، خۆی و خۆی بەتەنها یەکلاکەرەوە و بڕیاردەربووە!پرسی هاوپەیمانیەتیمان لەگەڵ ئەمریکا: لەوانەیە ئەو ڕەشنووسەی دەستوور، دووایین تاقیکردنەوەی کورد نەبێت لەگەڵ ئەمریکادا، ڕۆژانی داهاتوو، گەلێك لەو جۆرە ڕووبەڕووبونەوە و ئەزموونانەمان لەگەڵ ئەمریکادا هەبێت، لێرەشدا ئەگەر نەخشەی نوی ی ناوچەکە و بەرنامەی ئیستراتیجی ئەمریکا بخوێنینەوە، ئەوە سیناریۆی لەو شێوەیە

دیسانەوە بەڕێوەیە لەبەرئەوە پێموابی ئێستاکە، کاتی ئەوەهاتووە سەرۆکایەتی کوردستان، یەکلایانە، دووبارە لەگەڵ ئەمریکیەکان دانووساندن و گفتووگۆبکەن، بۆ دووبارە دانووساندن و گفتووگۆکردن لەسەر هەموو خاڵ و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و، هەقی خۆیەتی دووبارە هەموو کارت و هاوکێشەو مەسەلەکان ببنە خاڵی گفتووگۆ و سەرجەم هاوپەیمانیەتی خۆمان لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بخەینە دیالۆگ و گفتووگۆوە. کەسیش پێی وانیە کە ئەمرۆکە لەسەرجەم رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، وەبەتایبەتی لە عیراقدا، میللەتێك و حکومەتێك هەبێت، هێندەی سەرکردایەتی کوردستان و میللەتی کورد، دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکیەکان بن. لەبەرئەوەشە، ئەو دووبارە گفتووگۆکردنە دەرەونجامی باشی لێدەکەوێتەوە، لەوانەیە، پاش رووخانی رژێمی بەعس لەبەغدا، پاش گۆڕانکاریەکانی ناوخۆی عیراق، ئەمریکا پێویستی بە رۆشنایی و دووبارە رێنماییکردنەوە بێتەوە. دەربارەی مەسەلەی کەرکووك، حەزدەکەم، پێش ئەوەی پەنجەی بەرپرسیاریەتی و تاوانی دوواخستنی پرۆسەی ئاسایکردنەوەی شارەکە، رووبەڕووی خەڵکانی غەیرە -کورد بکرێتەوە، پێموابێت پێشتر، یەخەی خۆمان بگرین، خۆمان تاوانبارکەین! ئێمە هەموومان، بەرپرسین لە دوواخستن و خەمساردی دەرهەق بە پرسی کەرکووك. ئەمرۆکە، لە پراکتیکدا، پاش دیاریکردنی رەشنووسی دەستوور، چیمان پَدەکرێت بۆ کەرکووك، دۆزینەوەی تەوافووقێکی گوونجاو بۆ ئەو کێشەیە؟دیارە لەو پرۆسەیەدا، رۆڵ و کاریگەری حکومەتی هەرێمی کوردستانی یەکگرتوو، بەهێند و بەرز دەنرخێنرێت، لێرەشدا، پێویستیەکی خێرا و هەنووکەیی دێتە پێشەوە بۆ سازدانی کابینەیەکی یەکگرتووی حکومەتی کوردستان، دەکرێت بەرنامە و کار و هاوتەبایی خۆیان لە کەرکووکدا تاقیبکەنەوە، بەتایبەت لە کەرکووك، رۆڵی حیزب و رێکخستنی هەموو حیزبەکان کەم بکرێتەوە، زیاتر گرینگی بەکار و بەرنامەی حکومەتی کوردستان بدرێت. ئاشکرایە لە کەرکووك، هێز و لایانی سەربە ولاتانی بیانی هەن، تورکمان، عەرەب هەن، بەلام هەرگیز نابێت، بڕیاری عەسکەری وەکوو دووا ئەلتەرناتیف وەربگیردرێت، ئەمرۆکە ئەگەر سەرکردایەتی کوردستان، بریاری داوە لەگەڵ عەرەبەکان ولاتێك درووت بکەنەوە، بۆ دەبێت لە کەرکووك شتێکی ترمان هەبێت بەرامبەر عەرەب و توورکمانەکانی ئەو شارە؟ئەمرۆکە قەدەری کوردە، دەبێت وانەی دیالۆگ و دیموکراسی، فێری میللەتانی تری عیراق بکات، لەهەوڵی جیدی بێت بۆ هێنانە کایەیی بارووڈۆخی گونجاو و هێمن بۆ لەیەکترنزیکردنەوەی لایانەکان و میللەتە جیاجیاکانی عیراق و وە پرسی کەرکوکیش وەکوو نموونەیەکە لەو بوارەدا. . بەبۆچون و تێگەیشتنی من، ئەگەر کوردەکان ئومێدی ئەوەیان هەبێت کە کەرکووك بگرنەوە سەر نەخشەی کوردستان، دەبێت شارێکی هێمن و دۆست بگێرنەوە بۆناو کۆشی نیشتیمان، شارێك بێت، تێیدا مافی تورکمان و عەرەبەکانیش پارێزراوبن، هەموو فەرهەنگە جیاوازەکان رەنگ و بۆنی خۆیان هەبێت لەو شارەدا، کەرکووك دەبێت شارێك بێت بۆنی خوێنی لێوەنەێت، من کەرکووکم دەوێت بە شێوازێکی ئاشیخوازانە وە بیَ خوێن رشتن. . لەبەرژەوەندی نەتەوەیماندایە بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە باس لە کوردستانیبوونی شارەکە بکرێت. . فیشەك و کووشتن نەبێتە ئامراز بۆ ژیان و گووزەران و گەرانەوەی کوردەکان بۆ کەرکووك. لە دوونیای ئەمرۆدا، ناکری باس لە تاقە ناسنامەیی بکرێت- ئەمرۆکە کات کای فرە ناسنامەییە، دەکرێت تۆ کورد و عیراقی و کەرکووکیی و خەڵکی گەرەکی قۆریەی کەرکووك بیت و هەڵگری ناسنامەی سوویدیش بیت، خاوەنی فەرهەنگ و شێوازی بیرکردنەوەیەکی فەرەنسیش بیت!! هەمویان پێکەوە، ئاوێتەیەکی جوان و دەوڵەمەندیەکی لێوەدرووست دەبێت، . . هەروەها دەربارەی بەرنامەسازی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی شاری کەرکووك، دەبێت بەرپرسیاریەی تەواو و سەرەکی بخرێتە سەر خوودی کەرکووکیەکان خۆیان،

سەرمایەداران و خەڵکانی ڕۆشنبیر و کەسایەتی و ڕێکخراوە کان، دەبێت پێش هەر هاوڵاتیەکی تری عیراق، دەبێت کەرکووکیەکان، خۆیان، زیاتر لە هەمووهان ، خۆیان بەخاوەنی پرسی کەرکووك بزانن، بە کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشووریەکانی بەئەسڵ خەڵکی کەرکووك، لەکاری بەردەوام بن، بۆ هەمووارکردن و جوانکردنی شارەکە. . ڕۆڵی سەرمایەدارانیش ڕۆڵێکی گرینگە لەو پرۆسەیەدا . کەرکووکی نوی:دەکرێت، وەکوو پێشنیارێکیش، لە دەروازەیەکی یاخوود لە لایەکی شاری کەرکووکی ئێستا، شارۆچکەیەکی تر درووست بکرێت و ناوی بنێین، کەرکووکی نوی! ئەمرۆکە لە دوونیای ئێستا و لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئاسانکاری و داراییەکی باش، دەتوانین پرۆژەی شارێکی نموونەیی ئەنجام بدەین. ئەگەر پێناسەی مۆدێرنی شار بکەین، ئەوە چەند گەڕەکێك و دوو قوتابخانە و خەستەخانەیەك و بازاڕێکی بچکۆلانە و خەستەخانەیەکە، دەتوانین بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوونی گواستراوەکانی کوردی کەرکووك، وە بۆ ئەوەی گرفت و کیشەی دەرکردنی عەرەب و توورکومانمان لەکۆڵ بێتەوە، دەتوانیین شارێکی نموونەی جوان درووست بکرێت. . پێشموابی، ئاوەدانکردنەوەی شارێك لەتەك شارێکی تردا، لە دوونیای ئەمرۆکەدا هیچ گرفتێك درووست ناکات. دیارە بەگوێرەی ڕەشنووسی دەستوور، دوو ساڵیان داناوە بۆ پرۆسەی ئاسایکردنەوەی شارەکە، بەڵام دەشزانین کە کورد بە گشتی، وەکوو مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتی، هەمیشە گرفتی هەیە لەگەڵ کات، ئێمە گرفتی (Dead line هەیە، واتە کاتێك بۆ مەسەلەیەکی تایبەت بەروارێك دەستنیشان دەکرێت و ئیدی ئەو دەستنیشانکردنە هێندە بە هەند وەرناگیرێت، کاری لەسەرناکرێت؟؟!، دەبێت بە ڕاستی هەر لە ئێستاوە کار و بەرنامە لەسەر ئەو دووساڵە بکرێت. وە چاوەڕوانی دووامانگەکانی ساڵی دووهەم نەکەین بۆ ئەوەی کار بکەین لەسەر پرۆسەی ئاسایکردنەوەی شاری کەرکووك. سەرکردایەتی کوردستانی، لە پێشووباشتر دیالۆگ دەکات، باشتر هەموو هێزولایان، ئەمریکا دەناسێت و بەتەواوی دەزانێت لەسەر مێزی دانووساندن، لەسەر ئەو خاڵ و ئەم خاڵ، ئاڵوگۆڕو ڕووبەڕووی هەمووڵایەك ببێتەوە ، مەرجیش نیە، هەموو پێشنیارێکی بەرامبەر قەبووڵ بکرێت (هەتاوەکوو ئەگەر لەلایان ئەمریکیەکانیشەوە بێت) ، کوردەکانیش دەزانن چۆن پێدادەگرن لەسەر مافەکانمان لەچوارچێوەی عیراقدا، فێری ئەوەبوونە چۆن خەڵکی تر بووەستێنن لە نزیك هێڵە سوورە نەتەوەییەکانماندا. . لەبەرژەوەندی کوردەکانە، ئەگەر وەکوو هەڵبژاردنەکانی پێشوو، چالاکانە کار بۆ ئەوە بکەن و هەموویان دەنگ بدەنە ئەو دۆکوومەنتە مێژووییەی ئەمرۆکە، ئەگەر سەیری مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بکرێت و بە بەراورد لەگەڵ ڕێککەوتنەکانی تری شۆڕش، ئەوەی لەو دەستورەدا بۆ میللەتی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە، سەرەتاییەکی باشە بۆ کاری نەتەوەیی و هەنگاوێکی دیبلۆماسیی گرینگە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان.

خەسرۆ پیربال Pirbal@hotmail. com